## چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سدیق ساڵح ئەحمەد کارمەندی ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان لە شاری سلێمانی

**ئامادەکردنی: سەردار فەتاح ئەمین**

ماوەی چەند ساڵێکە لە شاری سلێمانی بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزان، ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کورستان(سلێمانی) دروست بووە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئیش و کارەکانی ئەم دامەزراوە بزانین بەڕێز کاك سدیق ساڵح ئەحمەد کارمەندی ئەم ئەرشیفەمان بەسەرکردەوە وئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵدا سازکرد.

پ: کاك سدیق حەزدەکەین لە بارەی دروست بوون و چۆنێتی کارکردنی ئەم ئەرشیفەوە هەندێ زانیاریمان پێ بڵێت و چۆن بیر لەوە کرایەوە شوێنێکی وا دروست بکرێت؟

سدیق ساڵح ئەحمەد: هەقە پێشەکی باسی ئەو هەوڵانە بکەین کە پێشتر دراون بۆ بنیاتنانی ئەرشیفی نەتەوەیی لە کوردستاندا، لە ڕاستیدا هۆشیاری پاراستنی بەڵگەنامە لە ناو کوردا کزبووە، کورد میللەتێك بووە لە نوسینەوەی مێژوو دووربووە، هەندێ کەس یان هەندێ هەوڵ هەیە، کە لە سنووری تاکە کەس و دیاری کراودا بووە، بۆ نموونە یەکێکی وەك خوالێخۆش بوو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، گرنگییەکی زۆری بە بەڵگەنامە و دەستنووس و بەرهەمی کۆن داوە. هەرچی چۆنێك بێت ڕاستە ئێستە ئەرشیفێکی گەورە هەیە، بەڵام لە سنوورێکی دیاری کراودا بووە، خەڵکانی تر هەبوون و لە دوای ساڵانی هەفتاوە ووردە ووردە ئەو هۆشیارییە، زیاتر پەرەی سەند، لەڕووی ویژدانەوە دەبێت بۆ مێژوو هەوڵەکانی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف وەکو هەوڵێکی مەیدانی بەرچاو پشت گوێ نەخەیەن و لە ساڵی 1980 ەوە، هەستی بە گرنگی ئەم مەسەلەیە کردووە و بایەخی بە گرنگی ئەم لایەنە داوە. بە شێوەیەکی نارەسمی هەوڵێکی گەورەی داوە و پەیوەندی کردووە بە فەرمانگە حکومییەکانەوە، کۆمەڵێك خەڵکی پەیدا کردووە، کە نرخی بەڵگەنامەکان بزانن، و پەیوەندی کردووە بە زۆربەی ئەو بنەماڵانەی بەڵگەنامەیان لا پارێزراوە و کاریان تێ بکات نەیان فەوتێنن و بەڵگەنامەکانیان لا بەنرخ تر بێت.

ئەوەندەی من ئاگادار بم مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف پێش ڕاپەڕینیش، هەوڵی داوە جەردی بەڵگەنامەکان بکات و پەیوەندی کردوو بە فەرمانگەی (الحفظ والوپائق)، هەر لەو کاتەوە هەوڵی داوە بەشی بەڵگەنامە پاراستن لە کوردستاندا بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە وەکو سیاسەتێکی ناوەندی حکومەتی عێراقی هیچ مەبەستیان نەبووە، لەبەر ئەوە ئەو پرۆژەیە سەری نەگرتووە. دوا جار لە ئەنجامی هەوڵی بێ پسانەوەی خۆی لە ئیدارەمحلی شاری سلێمانی، قەناعەتی بە پارێزگاری ئەوکاتەی سلێمانی کردووە، کە لیژنەیەك بۆ پاراستنی ئەوراقەکانی دائرەکان دابنێت. ئەو لیژنەیە هەندێ ئیشی نیوەناچڵیان کردووە بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەندامەکانی خەڵی نەشارەزا و کارا نەبوون، بۆیە کارەکەیان لە سنورێکی بەر تەسکدا ماوەتەوە و بە ئەنجام نەگەیشتووە. لەگەڵ ئەوەشدا توانیوێتی لەو فەرمانگانەدا هەندێ کادری دڵسۆز پێبگەیەنێت.

لە هەمان کاتدا هەر بەرێگەی نامەی تایبەتی توانیوێتی کار بکاتە سەر ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی هەولێر و بادینان بۆ ئەوەی ناوەندێکی بەڵگەنامە پاراستن بکەنەوە و لە ڕانیەش هەر ناوەندێکی لەو جۆرە دامەزراوە. دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو کاتەی کە بەڕێزان کاك شێرکۆ بێکەس و مامۆستا جەمال عەبدول وەزیری ڕۆشنبیری بوون، زۆر هەوڵی دا بۆ ئەوەی کاریان تێ بکات بۆ دامەزراندنی ئەرشیفێکی نەتەوەیی و ناوەندێکی پاراستنی بەڵگەنامە، ئەو هەوڵانەی ئەو کاتە ئاگادار نیم تا چەند ئیشیان بۆ کراوە، بەڵام بە هەوڵێکی ئیجابی بۆ مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف لە قەڵەم دەدرێت.

لە ساڵی 1997 یشەوە ڕۆشنبیری ناسراوی کورد مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت، کە هاتەوە بۆ کوردستان بیری دامەزراندنی ئەرشیفی نەتەوەیی لای بەڕێزان مام جەلال و کاك کۆسرەت ڕەسوڵ خستە بەرچاو و ئەوانیش بیرۆکەکەیان پێ

باش بوو، ڕازیبوون لەسەر ئەوەی ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان دابمەزرێت. لە ئابی 1997 دا ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دامەزراندنی ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان دا.

ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان لە سەرەتادا دەستەیەکی باڵای بۆ دروست بوو، وەزیری ڕۆشنبیری سەرۆکایەتی ئەو دەستەیە دەکات. لە سەرەتاوە: بەڕێزان خەلات عومەر و درەخشان خانی شێخ جەلال لەو دەستەیەدا بوون، پاش ماوەیەك هەردووکیان کشانەوە، ئێستا دەستەکە بریتین لە بەڕێزان مامۆستا عەبدوالرەقیب یوسف، ڕەفیق ساڵح، فەرید ئەسەسەرد، نەوزاد عەلی ئەحمەد، حەمە فەرەج مەعرووف و بەندە(سدیق ساڵح).

سەرەتای دەست بەکاربوونی ئەرشیفی نەتەوەیی لەسەر ئەو (90 ، 95) فەردە ئەوراقە بوون کە مامۆستا عەبدوالرەقیب لە پێش ڕاپەڕین دا ڕزگاری کردبوون. بریتی بوو لە ئەوراقی دادگای سلێمانی، یەکەم جار ئیش لەوەدا کرا و پاشان توانرا، لەو ماوەیەدا پەیوەندی بە زۆر لە فەرمانگەکانی حکومەتەوە بکرێت و ئەوراقی زۆر دائیرە هێنرا، وەك شارەوانیەکانی پارێزگای سلێمانی، ئیدارە محەلی، کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار و تاسلوجە و ئەوراقی هەندێ دائیرەی تر.

ئەم بینایەی ئێستا کاری تێدا دەکەین، لەسەرەتادا بریتی بوو لە ژێرزەمینی مۆزەخانەی سلێمانی، خۆشبەختانە ئەو ڕێکخراوەی خاتوو کارین مۆرڤۆخ سەرۆکایەتی دەکات کۆمەك و یارمەتی پێشکەس کردین و تا ئێستا بە دووجار پارەی بۆ کۆمەکی ئەرشیفی نەتەوەی ناردۆتەوە. هەر لەم ژێرزەمینە شوێنی تایبەتی و ژووری ئیدارە و ژووری کۆمپیوتەر و ژووری فەرزکردنی ئەوراق و هۆڵی پاراستنی بەڵگەنامەکان ژمارەیەیەکی زۆر دۆلاب و و کەرەسەی پێویستیان بۆ کڕیووین. بە نیازن هەمیشە هاوکاریمان بکەن و زۆر لەو کەرەسە و ئامێرانەی پێویستی ئەرشیفن بۆمان دابین بکەن.

**کارەکانی ئەرشیفی نەتەوەیی:**

بەڕاستی ئێمە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندمان هەیە، جگە لە ئەوراقی دائیرەکان، کە تا ئێستاش ئێمە خەریکی فەرزکردن و جیاکردنەوەیانین، ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەی گرنگی مێژوویمان لایە، لەوانە بەڵگەنامەی خانەوادە ناودارەکانی سلێمانی، لەوانە بەڵگەنامەکانی بنەماڵەی ڕەمزی مەلا مارف، کە بە نرخێکی زۆر ڕەمزی فرۆشتوویانە بە ئەرشیفی نەتەوەیی، هەروەها ئەرشیفێکی پۆلمان هەیە، کە پولی سەردەمی حکومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمودی حەفیدمان لە لا پارێزراوە. بەشێکی ئەرشیفەکەمان بریتیە لە ئەرشیفی نەخشە و ئەتڵەس و وێنە، توانیومانە تا ئێستا بەشێکی باش وێنەی کۆن و مێژوویی کۆبکەینەوە، بەشێکی تر بریتیە لە ئەرشیفی مۆر و چونێتی مۆر هەڵکەندن، دیارە ئەم شێوەیەش بایەخێکی گرنگی مێژوویی هەیە.

بەداخەوە شێوەیی ئیشکردنمان تا ئێستا سەرەتاییە. شێوەی ئیشکردنمان سەرەتا ئەو ئەوراقانەی نرخێکی بەڵگەنامەییان هەیە، جیایان دەکەینەوە لەوانەی پێوستمان نیە و دەنێردرێن بۆ لە ناوبردن. بەداخەوە لە ئەرشیفکردندا ئامێری پێشکەوتووی وەك مایکرۆفلیم و مایکۆفیش و کۆمپیوتەر و سکانەرمان نیە. تا بتوانین زۆر لەو بەڵگانە بپارێزین و وێنەیان لەبەر بگرینەوە. لە هەمان کاتدا، ساڵانێکی درێژە کادر و پسپۆڕی کورد لە بواری ئەرشیف سازیدا پەروەردە نەکراون و نیمانە. لەبەر ئەوە سەیردەکەین ئەو زانیارانەی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لێرەدا کار دەکەن، شێوەیەکی زانستی لەخۆ ناگرێت. تەنها جۆرێکە لە عەشق و خۆشەویستی بۆ ئەرشیف و بەڵگەنامە نەتەوەییەکانی مێژووی میللەتەکەمان و جۆرە مەراقێکە و بایەخێکمان هەیە بۆ بەڵگەنامەی کوردی و سەرەتایەکە بۆ ئەو هەنگاوە.

بە داخەوە لە کارکردنماندا کادر و پسپۆڕ و جۆرێك لە پۆلین کردن و شێوەی ژمارە لێدان و بە ڕەمزکردنی بەڵگەکانمان نیە. بە گوێرەی توانای خۆمان، پەیوەندیمان کردووە بە زۆر جێگەی وەك بەغدا و شوێنانی تری دەرەوەی کوردستانەوە، تا ئێستا کەسێکی وا نەبووە، بە دەنگمانەوە بێت ئەو داخوازیانەمان بۆ جێبەجێ بکات.

ئەوەندەی ئێمە بۆخۆمان کارمان لە بەڵگەنامەکاندا کردووە و دەتوانین بڵێین ئەرشیفی کورد زۆر دەوڵەمەندە، لەبەر ئەوەی کورد لێکۆڵەرەوە و توێژەرەوەی کەمە یان هەر نیمانە، ڕەنگە خەڵکێکی زۆر بە هەبوونی دەزگایەکی وەك ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان نەزانن. لەو ئەرشیفە نایابانەی چنگ ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان کەوتوون، ئەرشیفە زۆر دەوڵەمەندانەکەی حیزبی شیوعی عێراقیە و ئێستا لەبەر دەستماندایە و کاری تێدا دەکەین. بێجگە لەوانە بەڵگەنامەی قۆناغە جیاجیاکانی ئەو سەردەمانەی دوای دروست بوونی حکومەتی عێراقیمان لایە.

پ: ئێمە کۆمەڵێك نووسەری چالاك و دیارمان هەبووە، هەر لە سەرەتاوە، پێش هەبوون و دروست بوونی ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان، لە لای خۆیانەوە گرنگیان بەم بابەتە گرنگە داوە و ئیشیان کردووە، ئێوە هەوڵتان نەداوە ئەو نووسەرانە لێتان نزیك ببنەوە و هاوکاریتان بکەن و هەم ئێوە هەم ئەوان سوود لەیەکتر وەربگرن..؟

سدیق ساڵح ئەحمەد: لە ڕاستی دا ڕەنگە هەوڵدرا بێت، بەڵام هەوڵەکان سنووردار بووە، بەداخەوە لە ئەرشیفدا ئێمە دەستەڵاتی مادیمان زۆر کزە. ئەو هاوکاری و کارانەش هەمووی ڕووکاری مادی کار ئاسانی بۆ ئەرشیف دابین دەکات.زۆربەی کارەکان بە پارە دەکرێت. ئیش کردنی نووسەرانیش لەگەڵماندا، ئەمڕۆ لەبەرامبەر ماندووبوونەکەیاندا، ئەگەر پاڵپشتێکی مادی نەبێت، زۆر زەحمەتە. بۆ نموونە لەبەر باری گران و نەبوونی نووسەران و کارەساتە ئابووریەکانی ناوچەکە، هەرچەندە کەمەکێ هەوڵدراوە، بەڵام هەوڵەکان سنووردار بووە، خەڵکانێکی زۆر کەمیش هەن بایەخ بەم لایەنەی ڕۆشنبیری دابێت. ئەم بوارە بوارێکی قورس و گەڕان و پشکنین و ماندووبوونێکی دەروێشانەی دەوێت. زۆربەی نووسەرانی کوردیش ئامادە نین بێن لە ژێرزەمینێکی وەك ئێرەدا کار بکەن و نەخوازەلا نەتوانرێت لەڕووی مادیشەوە کۆمەکیان بکرێت.

پ: ئەی بە شێوەی دائیرەیەکی ڕەسمی ناتوانن، هەندێك لەو کەسانەی گرنگیان بۆ ئەم مەسەلەیە هەیە، وەك کارمەندی تایبەتی دابمەزرێنرێن..؟

سدیق ساڵح ئەحمەد: بەڵێ ئێستا ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان، فەرمانگەیەکی ڕەسمی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە و کۆمەڵێك کارمەند و فەرمانبەری خۆی هەیە، بەڵام بەداخەوە، ئەوانە تەنها فەرمانبەرن و کەسانی پسپۆڕ و شارەزای ئەم بوارەیان تێدا نیە و تەنانەت وەك هیوایەتیش ئاوڕ لە کارەکانی ئەم ئەرشیفە نادەنەوە.

پ: ئەم ڕۆژانە خەریکی ساغکردنەوەی چ ئەوراقێکی گرنگن...؟

سدیق ساڵح ئەحمەد: وەکو باسمان کرد، تا ئێسا ئەوراقی دادگای سلێمانی و شارەوانیەکان و ئەشغالمان پشکنیوە. وا ئێستا بۆ ئەوەی یەکچاو بینەوە لەوەی کۆمەڵێك ئەوراقمان هەیە، هی ئەو فەرمانگانە کە بەکەڵك نایەن، دەبێت لە ناویان ببەین، چونکە ڕێگەمان لێدەگرێت. جارێکی تر بەوانەدا دەچینەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر بەڵگە نامەیەکیش بەسەرماندا تێپەڕ بووبێت، دەریان بهێنینەوە و بۆ دواجار پیایاندا دەچینەوە.

پ: چ لایەن یان جۆرێك لەو بەڵگەنامانە بەلای ئێوەوە گرنگ یان سوودبەخشن، چ پێوانەیەکتان هەیە بۆ بەنرخی و سوودمەندی بەڵگەنامە یان کەم بایەخیان..؟؟

سدیق ساڵح ئەحمەد: خۆی ئەرشیف ئەو بەڵگەنامانەی کە تێیدایە، هەمووی بەرهەمی مێژووە. هی ساڵێك لەمەوبەریش شتی تێدایە، ئیتر 40 ساڵ ، 70 ساڵ ....هتد هەمووی بایەخی مێژوویی خۆی هەیە، بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو ڕوویەکەوە. دەتوانین لەو بەڵگەنامانەی لەلامانە لێکۆڵینەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و ئیداریيان لەسەر بکەین و لە زۆر ڕووی ترەوە سوود لەو بەڵگەنامانە دەبینرێت لەسەریان بنوسرێت.

کاری ئێمە ئێستە تەنها جیاکردنەوەی بەڵگەنامەکانە و بۆ لێکۆڵینەوە دەبێت خەڵکانێکی پسپۆڕی بواری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆی خۆیان. کاری ئێستەی ئێمە بە پێی تێگەیشتنی شارەزایی خۆمان، جیاکردنەوەی بەڵگەنامەکانە، بەپێی بابەتی سەرەکی بۆ نموونە: بەڵگەنامەکانی دادگای سلێمانی، بە پێی یاسا و تەعمیمەکانی،

خانەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە. زۆر جار حاکمی عەسکەری دەستەڵاتی سیاسی هەبووە، ئەو بەڵگانە بە جیا دانراوە، حیزبەکان خانەی تایبەتیان بۆ دانراوە، هەروەها زۆر جار بڕیاری حکومەت بۆ نموونە متصرفیەت جیاکراوەتەوە، ئیتر هەموو ڕۆژێك ئێمە پێویستمان بەوە دەبێت، کلیلی پۆلین کردنی ئەم بەڵگەنامانەمان لا بێت.

ئێستا دەستمان بە جیاکردنەوە کردووە و هەنگاومان بۆ هەڵهێناوە، جۆرێك لە پۆلینکردنمان بۆ هەڵبژاردووە، بە سەلیقەی خۆمان وەك چۆن کتێب پۆلین دەکرێت، وەرمان گرتووە و هەندێك دەسکاریمان کردووە. ڕەنگە هەر بە دڵی خۆمان بێت.

چونکە ئەم ئەرشیفە لە دوا ڕۆژدا قابیلی ئەوەیە، هەزار بەڵگەنامەی تری تێداکۆبێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت جۆرێك لە پۆلێنکردنی زانستی دابنێین تا بەکەڵك بێت تا سەر. نابێت لە نیوەی ئیشەکەدا یان لە کۆتاییدا هەمووی تێك بدەینەوە. دەبێت پۆلێنێك دابنێین تایبەت بێت بەکارەکە. بەداخەوە ئەو بەڵگەنامانەی، کە لە دائیرەکانەوە، دەیهێنن بۆ ئەرشیف، هەمووی هەڵبژێراوە و زۆربەی کات لە ژێر زەمین و شوێنی شێداردا دایدەنێن. بە زۆری مێروو سیسرك، تەنانەت مشکی تۆپیویش لە بەینەکانیاندایە، لە حاڵێکی زۆر تێکەڵ و پێکەڵدا و هەڵڕێژراودا دێتە بەردەستی ئێمە، بە نوقسانی لێیان فەوتاوە و ڕزیوە، کارەکەی ئێمە ئاسان نییە وەك بەڵگەنامەکانی وولاتانی پێشکەوتوو نییە، بە گوێرەی زنجیرەی مێژوویی و بابەت بێتە بەردەستت لە ناو دۆسیە و فایلی تایبەتی خۆیدا بێت و لێیان وەربگیرێت. بێگومان ئیشی ئەوان زۆر ئاسانە و ئەوەی ئێمە زۆر زەحمەتە. جگە لەوەش ئەوان بە گوێرەی مەنهەج و ئەو بابەتانەیان بە شێوەیەکی زانستی خوێندووە، ئینجا کاری تێدا دەکەن.

تا ئەو ڕۆژەی کلیلێکی زانستی تەواو و پۆلێنکردنی گونجاوی ژمارەدانانی بەڵگەنامەمان دەست دەکەوێت، کارەوکەمان هەروا بە ساکاری دەمێنێتەوە داواکارین لەوانەی پسپۆڕیان لەم کارەدا هەیە، زانیاریمان پێ بدەن.

پ: چەند کارمەند لێرە کاردەکەن، ئایا ئیشەکانتان بە گوێرەی تایبەتمەندێتی دابەش کردووە و هەر کەسەتان بەرپرسیارن لە بەشێك، یان هەمووتان چۆن هاتە پێشەوە ئیشەکان ڕادەپەڕێنن...؟

سدیق ساڵح ئەحمەد: نزیکەی 10 کارمەند لێرە کار دەکەن، دووانیان بە کاروباری ئیدارییەوە خەریکن، ئیشی ئیداری بەشێکی ئەرشیفەکە ڕادەپەڕێنن، بریتین لەو کتێبانەی بایەخی مێژوویان هەیە، چ تازە و چ کۆن لێرە پارێزراون. بەشێکی تریش بریتین لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان، کە لەم ئەرشیفەدا دەپارێزرێن. هەشت کارمەندەکەی تریش بە ئیشی فەرز و جیاکردنەوە خەریکین، بەپێی شارەزایی و سەلیقەی خۆمان. لە ناو ئەو کارمەندانەدا دووان سیانێکیان، شارەزاترن لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی باشتر دەزانن، زۆربەی بەڵگەنامەکان عەرەبین، پێویستیان بە کارمەندی ڕۆشنبیر و عەرەبی زانە. ئەوانی تر زۆربەیان فەرمانبەری تازە دامەزراون و بەکاری وەزیفی لێرەن و بە خواست ویستی خۆیان لێرە دانەمەزراون و هەواداری مەسەلەی ئەرشیف نین و بایەخی تایبەتیان بۆ بەڵگەنامەی کوردی نییە.

پ: ئێوە هەوڵتان نەداوە پردێك لە نێوان خۆتان و کوردانی دەرەوەی کە گرنگی بەم بوارە دەدەن، دروست بکەن، تا ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان شێوەیەکی زانستی وەربگرێت، داواکاریتان چییە لەم ڕووەوە..؟

سدیق ساڵح ئەحمەد: ڕەنگە هەوڵ درابێت، بەڵام هەوڵەکان کەم و کورت و شەخسی بوون، ئێمە ناونیشانی ئەو دامودەزگایانەمان لانییە. کێشەیەکی گەورەی ئەمڕۆی کوردستان کێشەی نەبوونی پۆست و پەیوەندی کردنە و نەبوونی کەناڵێکە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانین پەل بۆ ئەو لایەنانە بهاوین.

وەك ووتم هەوڵی تاکەکەسی دراوە و پەیوەندی بەزۆر کەسەوە کراوە، ناونیشانی ئەو دەزگایانەمان بدەنێ، کە هەمان بایەخیان بۆ کاری ئەرشیفی هەیە و هەمان کاری ئێمەیان هەیە، بەداخەوە هەوڵەکان وەك پێویست نین. لەبەر ئەوە داواکارین لەو کەسانەی کە لە ئەرشیفەکانی دەرەوەی کوردستان کاردەکەن، یان کەسانێکیان لێ دەناسن، بە دەنگمانەوە بێن و بابەت و زانیاری نوێمان بۆ بنێرن و بەسەرمان بکەنەوە. یان بە لایەنی کەمەوە ناونیشانی ئەو شوێنە گرنگ و دەزگایانەی لەم

بوارەدا کار دەکەن بۆمان ڕەوانە بکەن یان کێشە و دژواری‌یەکانی ئێمەیان پێ بگەیەنن، کێشەکانی ئێمە بریتین لە نەبوونی جۆرێك ڕێنوێنی ئەو بەرنامانەی پۆلینی بەڵگەنامەی لەسەر دەکرێت. پۆلینکردنی بەڵگەنامە و ئەرشیف جیاوازە لە پۆلێنکردنی کتێبخانە.

ئەو بەڵگەنامانەی دێنە لای ئێمە هەمووی هەڵڕژاو و تێکەڵ و پێکەڵە، بۆیە پێویستمان بە جۆرە ڕێنیوێنی و کلیلێکە ئەو بەڵگەنامانە ژمارەیان لێ بدەین و هێمای تایبەتیان بۆ دابنێین. بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانین، بە گوێرەی بابەت بیاندۆزینەوە و بیانناسینەوە. یەکێك لە مەبەستەکانی ئەرشیف هەم کۆکردنەوە و هەم پاراستن و پۆلین کردنی بەڵگەنامەیە، تا بتوانین بە ئاسانی بیانخەینەوە بەردەستی لێکۆڵەرەوە و توێژەرەوە. دەبێت کلیلێکی ئاسانی ئەوتۆمان هەبێت، ئەو کەسەی داوای هەر بابەتێك بکات و پێویستی پێی بێت تا یەکسەر بخرێتە بەردەستی. بەداخەوە ئێمە تا ئێستا ئەو جۆرە کلیلەمان نەدۆزیوەتەوە، خۆزگە ئەو کەسانەی لە دەرەوە خەمخۆر و دڵسۆزی ئەرشیف و بەڵگەنامەی کوردین، لەم ڕووەوە هاوکاریان بکردینایەو یارمەتیان بداینایە.

لەبەر نەبوونی هۆشیاری بەڵگەنامە تا ئێستاش، ڕێز لە بەڵگەنامە و کاری ئەرشیفی نەگیراوە و بایەخی پێ نادرێت. بە پێچەوانەوە کەی نرخ و بایەخی زانرا و ئامێری زانستی نوێی بۆ تەرخان کرا بۆ پاراستن و لە ناونەچوون و هەموو پێویسی‌یەکانمان دابین کرا و کەناڵێکمان بۆ کرایەوە، ئەوانە پێویستی‌یە گرنگ و دیارەکانمانن ئەوکاتە ئیشەکانمان ڕێگەی ڕاستی خۆی دەگرێت.

پ: هەر لەم دانیشتنەدا باسی ئەو بەڵگەنامە و ئەرشیفانەی ماڵە ناسراو و دیارەکانی شاری سلێمانیتان کرد، حەزدەکەین زیاتر تیشك بخەنە سەر ئەم لایەنە و پێشنیارتان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك چی‌یە بۆ لە دەست نەدانی بەڵگە دێرین و شەخسی‌یەکانی خۆیان.

سدیق ساڵح ئەحمەد: ئێمە کە دەڵێین بەڵگەنامە یان ئەرشیف، مەبەستمان لە بەڵگەنامەی نوسراو نی‌یە بەڵکو وێنەش بەڵگەنامەیە، هەندێك جار وێنە دەبێت بە کلیلێك بۆ کردنەوەی گرێی بابەتێکی مێژوویی. وێنە و مۆر و پول و نەخشە بەڵگەنامەن. زۆربەی بەڵگەنامە و ئەرشیفی کورد تا ئێستاش لای هەندێك لە بنەماڵەکانی کوردستانن و بەداخەوە باروزروفی نالەباری کوردستان وای کردووە، هەندێ جار ئەم بەڵگەنامانە تووشی لە ناوچوون و فەوتان بوون. دیارە حکومەتی مەرکەزی هەمیشە دژ بەو بەڵگەنامە و هەر شتێك بووە، کە پەیوەندی بە مێژووی کوردەوە هەبووە، لەبەر ئەوە زۆر جار ئەو بنەماڵانە لە ترسی لێ پرسینەوە و لێ پێچانەوەی حکومەت، خۆیان بەڵگەنامەکانیان سووتاندووە و لەناویان بردووە. ڕەنگە ئێستاش لێرە و لەوی بە بڕوای من بە پرش و بڵاوی ئەوەندەی من سۆراخم کردووە، بەڵگەنامە لە ناو ماڵەکاندا ماوە و هەندێ بنەماڵە دەستیان بەسەردا گرتووە. بەڵگەنامە مەبەست لە هەر بەڵگەیەکە بە هەر زمانێك بە کوردی، عەرەبی، تورکی و فارسی نووسرابێت، لە بارەی کوردەوە بێت و پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت. ئێمە ئەوەندەی توانیبێتمان و پێمان کرابێت، ڕەنگە هەوڵەکانمان لە ئاستی پێویست دا نەبووبێت، بەڵام پەیوەندیمان بە زۆربەی ئەو بنەماڵانەوە کردووە، کە بەڵگە نامەیان لە لابووە، هەنێکیشیان لە ڕووی هەست بە لێپرسراویەوە، بەڕاستی شایانی ڕێزن، خۆیان پەیوەندیان پێوە کردووین و کۆپیمان لەبەر بەڵگەکان گرتۆتەوە و هەشیانە هەر ئەسڵیەکانیان بۆ ئەرشیفەکەمان ناردووە. ئەم جۆرە بەڵگەنامانە هەر بە تەنها لای بنەماڵەکانی کوردستان نین، زۆر خێزان ئێستە لە دەرەوەی کوردستانن و بەڵگەکان چوونەتە دەرەوەش، بۆ نموونە شارەکانی بەغدا و تەنانەت ئەورووپاش. چەند حەزدەکەین و خواستمانە ئەرشیفخانە و بەڵگەنامەی نەتەوەیی کوردستان، دەوڵەمەند بێت و بریا لە دەرەوە بە تایبەتی لە ئەورووپا ناوەندێکی پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیفخانەیەکی کوردی دروست دەبوو، لەبەر ترسی هەل و مەرجی نائارام و نالەباری کوردستان، چونکە لەوێ هەل و مەرجەکە لەبار تر و گونجاو ترە و بەڵگەکان پارێزراو تر دەبن.

پ: کاك سدیق حەز دەکەین ئەگەر هەر بیروبۆچونێکی تر یان هەر پێشنیار و ئامۆژگاریەکت هەبێت بۆ خوێنەران و کورد لە دەرەوە سەبارەت بە ئەرشیفخانە و پاراستنی بەڵگەنامە، بە هۆی ڕۆژنامەی پەیامەوە بیگەیەنیت...!!

سدیق ساڵح ئەحمەد: میللەتانی هۆشیار و پێشکەوتووی دنیا هەوڵیان داوە، زۆر لەو بەڵگەنامانەی لە ئەرشیفخانەی دەرەوەی وولاتی خۆیانە و سەبارەت بە خۆیانە، کۆیان بکەنەوە و بیانپارێزن. ڕەنگە زۆرمان بزانین ئەرشیفخانەکانی وەکو بەرتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئەمەریکا، زۆر بەڵگەنامەیان تێدایە، کە پەیوەندیان بە مێژووی کوردەوەیە، بە داخەوە ئێمە هەنگاوێکی ئەوتۆمان بۆ نەناوە. ئەرشیفخانەی وولاتێکی وەکو بەریتانیا، ڕەنگە دەوڵەمەندترینیان بێت، خەڵکانێکی زۆری ڕۆشنبیری کورد لەوێ کۆبونەتەوە، کوا هەوڵەکانیان، لە هەمان کاتدا ئەرشیفی وولاتێکی وەکو سوڤێتی کۆن. بە ڕاستی ئەو شوێنانە، زۆریان بەڵگەنامەی ئەوتۆیان تێدایە، کە پەیوەندیان بەم ساڵانەی دوایی کوردەوە هەیە. کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە، ئەرکێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیرانی کوردە و خەمخۆرانی کورد لە دەرەوە هەقە ئەو بەڵگەنامانە، لەو ئەرشیفخانانە دەربهێنن و لەبەری بگرنەوە و ساخی بکەنەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. ئەو بەڵگەنامانە هەندێکیان شایانی ئەوەن بکرێن بە کتێب و چاپ بکرێن و بکرێن بە کوردی، ئەو بەڵگانە زانیاری و کەرەسەی ئەوتۆیان تێدایە، بکرێنە سەرچاوەی مێژوویی بۆ کورد. بەڕاستی نوسینەوەی مێژووی کورد، تا ئێستاش هەندێ قۆناخی پچڕپچڕی نوسراوەتەوە و کەلێن و کەموکوڕیەکی زۆری تێدایە، مێژوویەکی تەواو و ڕاستەقینەی تا ئێستا نەنوسراوەتەوە. نوسینەوەی مێژووی تەواوی کورد تا ئەو ڕۆژەی ئەرشیفەکانی بۆ نموونە: بەغدا، تاران، ئەنقەرە، دیمەشق و ئەرشیفەکانی ئەوروپا، ئەو بەڵگانەی دوورونزیك بە دوای مەسەلەی کورددا ڕۆیشتوون، ساغ نەکرێتەوە و تاوتوێ نەکرێت، تا ئەو ڕۆژەی ئەو بەڵگانە نەکەونەوە دەست کورد، تا خۆی بتوانێ چاپیان بکات و بیان کاتەوە بە کوردی ئەو کاتە دەتوانرێت بووترێت کورد خاوەنی مێژوویی‌یەکی بێ کەموکورتی تەواوە. دیارە ئەمەش ئەرکی ڕۆشنبیران و خەمخۆرانی کوردە چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوەی کوردستان. من دڵنیام ئەمەش پارە و خەرجی‌یەکی زۆری دەوێت لە توانا و دەستەڵاتی تاکە کەسدا نی‌یە. لە هەمان کاتدا لێ برانێکی زۆریشی دەوێت، ڕەنگە زۆرێك لەو کوردانەی لە دەرەوەن، لەبەر زەحمەتی ژیان و گرانی گوزەران نەتوانن خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەم مەبەستە. بەڵام دەکرێت دەزگا و کۆمەڵە و پەیمانگا و بنکە و ناوەندە ڕۆشنبیریەکان ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرن. ئەگەر ڕۆژانە کارێکی کەمیشی بۆ بکرێت، دەتوانن لە داهاتوودا کەرەسەیەکی زۆر گەورە و زەخیرەیەکی باشی بەڵگەنامەی کوردی بۆ مێژووی میللەتەکەمان، بکەن بە سەرمایە و بۆیان دابین بکەین تا توێژینەوەی لەسەر بکرێت، ڕەنگە بووترێت ئەمە کارێکی مەحاڵە، بەڵام بیرلێ کردنەوەی ئەگەر لە چوارچێوەیەکی تەسکیشدا بێت، بەڕاستی ئەرکێکێکی نەتەوایەتی ڕۆشنبیرانی کوردە لە دەرەوە.

جارێکیان بە گلەیی‌یەوە لە دکتۆر کوردۆ عەلیم پرسی، باشە ئێوە چەند ساڵێك لە ئەڵمانیا بوون، بۆچی هەوڵتان نەداوە، ئەو کەرەسانەی پەیوەندیان بە کوردەوە هەبووە، لە ئەرشیفخانەکانی ئەڵمانیادا، کۆتان بکردایەتەوە و ساختان بکردایەتەوە و بتانخستایەتە، بەردەستی خوێنەوارانی کورد. بە وەڵامەکەی دڵنیای کردم، ئەو کارانە کاری تاکە کەس نی‌یە و خەرجی‌یەکی زۆری دەوێت، ناهەقیشیم نەگرت، ژیان لە ئەوروپا هێندە گرانە، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە ئەو کارانە بە تاکەکەس بکرێت. لە هەمان کاتدا باسی میللەتێکی وەك ئەرمەنی کرد، ئەو کەرەسە مێژووییانەی پەیوەندی بە خۆیانەوە هەبووە، هەموویان ساغکردۆتەوە ولە دووتوێی بەڵگەنامەکانی ناو ئەرشیفخانەکانی دنیادا دەریان هێناون و کردویانن بە کتێب و بڵاویان کردونەتەوە. ئەو کارانەش بۆ نوسینەوە و ساغکردنەوەی مێژووی کورد، ئەرکی ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی خۆمانە و زیندووکردنەوەیان لە ڕێگەی ئەو ئەرشیفخانە و بەڵگەنامانەی وولاتانەوە، کە تا ئێستا نەیانخستۆتە بەر دەست و هەر پەنجا ساڵ جارێك ئاشکرا دەکرێن، گەرماوگەرم خزمەتێکی مەزن بە گەلەکەمان دەکات. ئەگەر ئێمە چەند لە توانامانادا بێت، هەر ساڵەی شتێکی کەمیش بێت لەو بەڵگەنامانە پەیدا بکەین و ساخیان بکەینەوە و بیان کەین بە کوردی و لێکۆڵینەوەیان

لەسەر بکەین، لە دوتوێی بەرگی کتێبدا چاپیان بکەین، بەڕاستی هەم خزمەتی کتێبخانەی هەژاری کوردی دەکەین هەم مێژووی گەلەکەمان و بە ئەرشیفخانە و بەڵگەنامە دەوڵەمەندەکانی گەلان لە بارەی خۆمانەوە زیندوو دەکەینەوە.